# باوەڕ بەهەردوو فریشتەی (مونكیر) و(نەكیر)

[ كردي – كوردی – kurdish ]


حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# الإيمان بالملكين منكر ونكير

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# باوەڕ بەهەردوو فریشتەی ( مونکیر ) و ( نەکیر )

(مونکیر) و (نەکیر) دوو فریشتەن وخوای گەورە ڕایسپاردوون بەپرسیارکردن لەمردووەکان لەناو گۆڕەکانیاندا، لێرەدا بەدرێژی باس لەوە دەکەین کە باوەڕبوون بەو پرسیارانەی ئەو دوو فریشتەیە لەمردووەکانی دەکەن وئەو ڕووداوانەی کە دێت بەسەریان لەناوگۆڕدا بەشێکە لەباوەڕ بوون بەخۆشی ونارەحەتیەکانی ناوگۆڕ .

فەرموودە گەلێکیش لەم بارەیەوە بەڵگەن لەسەر وەصف وکاروفەرمانی ئەم دوو فریشتەیە و پرسیارەکانیان کە ئاڕاستەی مردووەکانی دەکەن پاش شاردنەوەیان، تیرموذی و ابن حبان لەئەبوهورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی : « إذا قبر الميت أو قال أحدكم - أتاه ملكان أسودان أزرقان يقال لأحدهما المنكر والآخر النكير، فيقولان ما كنت تقول في هذا الرجل، فيقول: ما كان يقول هو عبد

الله ورسوله، أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورسوله، فيقولان: قد كنا نعلم أنك تقول هذا ثم يفسح له في قبره سبعون ذرعا في سبعين.. وإن كان منافقا قال: سمعت الناس يقولون فقلت مثله لا أدري: فيقولان: قد كنا نعلم أنك تقول ذلك، فيقال للأرض التئمي عليه فتلتئم عليه فتختلف أضلاعه فلا يزال فيها معذبا حتى يبعثه الله من مضجعه ذلك » [سنن الترمذي ٣ / ٣٨٣ ، برقم (١٠٧١) ، وقال حديث حسن غريب والإحسان في تقريب صحيح ابن حبان : ٧ / ٣٨٦ ، برقم (٣١١٧) ] واتا : كاتێك كه مردوو خرایه ناو گۆڕەوە، یان کەسێکیتان خرانه ناوگۆڕەوە، دوو فریشتەی ڕەشی شین باو دێن بۆلای، یەکێکیان ناوی مونکیر وئەوی دیکەشیان نەکیر، پێی دەڵێن ولێی دەپرسن، لەبارەی ئەو پیاوەوە (مەبەست پێی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم) چی دەڵێیت ؟ ئەو کەسەی کە باوەڕدار بێت لەوەڵامیاندا دەڵێت : ئەوەی دەیانووت کە بەندە وپێغەمبەری خوادیە، شاهیدی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە (الله)، وشاهیدیش ئەدەم کە محمد بەندە وپێغەمبەری خودایە، ئەمجا دوو

فریشتەکە پێی دەڵێن : ئێمە دەمانزانی کە تۆ هەر ئەمە دەڵێیت، پاشان گۆڕەکەی حەفتا باڵ بە حەفتا باڵ بۆ فراوان دەکەن... خۆ ئەگەر (خواپەنامان بدات) ئەو کەسە دوو ڕوو یان (بێباوەڕ بێت) لەوەڵامیاندا دەڵێت : لەخەڵکی شتێکم دەبیست نازانم ئەوەی ئەوان دەیانووت منیش هەر ئەوە دەڵێم، ئەمجا دوو فریشتەکە دەڵێن : ئێمە دەمانزانی تۆ هەر ئەمە وەڵامتە، پاشان فەرمان دەکەن بەزەوی ئادەی بیوشێرە بەخۆتەوە، زەویش دەیوشێرێت بەخۆیەوە هەتاوەکو پەراسووەکانی دەچن بەناویەکدا، بەم شێوەیە سزای ئەدەن هەتا ئەو ڕۆژەی خوای گەورە زیندوو دەکاتەوە ولەجێگاکەی خۆی دێتە دەرەوە .

دیسان ئەو فەرموودەیەی ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێت) کە پێشتر باسمانکرد بەڵگەیە لەسەر پرسیارکردنی ئەو دوو فریشتەیە لەمردووەکانی ناوگۆڕ .

لەکۆتاییدا ئەوەی پێویستە کەبیڵێین، ئەوەیە واجبە باوەڕبوون بەم دوو فریشتەیەو وبەناوەکانیان و بەو وەصفانەی کە لەبارەیانەوە هاتوون، لەگەڵ ئەو پرسیارانەیشی کە ئاڕاستەی

مردووەکانیان دەکەن، ئەمە سەرە ڕای باوەڕ بەو وەڵامەی کە باوەڕداران لەگەڵ بێباوەڕ ودوو ڕووەکان دەیدەنەوە، تا کۆتایی دێت بەو خۆشی ونیعمەتەی ئامادەکراوە بۆ موسڵمانان یان بەو سزا وناخۆشیەی ئامادەکراوە بۆ بێباوەڕان، وەك ئەوەی لەفەرموودە صەحیحەکاندا باسیان لێکراوە .

زانایان ڕایان جیاوازە لەبارەی ئەوەی ئایا پرسیارکردنی مردووەکانی ناو گۆڕ تایبەتە بەئوممەتی ئیسلامەوە، وەك هەندێك وای بۆچوون، یان ئەوەتانێ ئەم پرسیاکردنە بۆ هەموو ئوومەتانی تریشە وەك ئەوەی هەندێك زانایان ڕایان وایە، بەڵام ئەوەی لە دەقەکانەوە وەردەگیرێت ئەوەیە ئەم پرسیاکردنەی فریشتەکان لەمردووەکانی ناو گۆڕ تایبەت نییە بە ئوممەتی ئیسلامەوە بەڵکو بۆ گشت ئوممەتەکانی تریشە، ئەمەیش ڕای زۆربەی زۆری زانایان ولێکۆڵەرەوانی ئیسلامە، خوای گەورەش زاناترە .